


**چیرۆکەکانی پێش خەوتن:**

# کەروێشکێکی زیرەك

## کۆمەڵە چیرۆکێکی منداڵانە



ناوی کتێب: کەروێشکێکی زیرەك
بابەت: چیرۆکی منداڵان
ئامادەکردنی: شاخەوان عەلی حەمەد مامۆکی
پێداچوونەوە: بەختیار رشید محەمەد
زانستی: فەرمان مصطفی حمدأمین ڕایەتی
کۆمپیوتەر: دحان احمد خورشید مزوری
نەخشەسازی: نەهرۆ عەلی تاڵەبانی
تیراژ: ٢٠٠٠دانە
چاپخانە: چاپخانەی هێڤی/ هەولێر





# کەروێشکێکی زیرەك



**هەبوو نەبوو:** شێرێکی بەساڵاچوو هەبوو، شێرەکە چونکە تەمەنی گەورە بوو، ئەو هێز و تاقەتەی جارانی نەمابوو بەئاسانی ڕاو بکات.. ڕۆژێکیان لەبەر خۆیەوە دەیوت: من دەبێ کارێکی وابکەم بەبێ ماندووبوون نێچیرم بێتە بەردەست و حە پەلووشی بکەم و بیخۆم، لە ڕێوی باشترم دەست ناکەوێ بنێرمە دوای، ڕاوێژی پێبکەم.



کاتێك ناردیە دوای، ڕێوییەکە هاتە لای، بەدەم زەردەخەنەیەکەوە پێیوت: ڕێوییەگیان خۆت دەمبینی، دەمناسی من کێم و چیم پێ دەڵێن؟ با باسی ڕابردوو نەکەین چی بووم وچیم کردووە؟ ئەوەی گرینگە ئێستا چیم و چیم پێ دەکرێ؟ تۆ ئاگات لەوەیە من پیر بوومە و چوومەتە ساڵەوە؟!

ڕێویەکە وتی: لە حزوری جەنابتان بێ ئەدەبیە قسە بکەم، بەڵام شێر هەتا دەمرێ نابێ باسی پیری بکات، هەر ماشەڵاَت لێبێ ئێستاش لە من جوان و قۆزتر و لەهەمووومان بەتواناتری، فەرموو فەرمانت بەچییە وا لە خزمەتت وەستاوم.




شێرەکە وتی: ئەو ماوەیە زۆر شەکەت و بێ تاقەتم، تەنانەت هەر حەز ناکەم لەماڵەوە دەرچم، تێ دەگەی دەڵێم چی؟ بۆیە بانگم کردووی دەمەوێ یارمەتیم بدەی...

ڕێویەکە نەختێ بیری کردەوە، ڕووی بەلای دا وەرگێڕا، بە هەڵپەیەکەوە پێی وت: حاڵیم داوای چ جۆرە یارمەتیەکم لێ دەکەی؟ ئەو داوای تۆ زۆر ئاسانە، ئەوەی ئێستا بەمێشکم دابێ ئەوەیە دەنگ و دۆیەکی وات بۆ بلاۆ بکەمەوە، بڵێم پادشای دارستان گەلێ نەخۆشە



و لەماڵەوە لەبن جێ کەوتووە، جا ئەوەی بیزانم حاڵی زۆر شڕە باس ناکرێ، کورد وتەنێ: وا لەسەر ڕۆخ و لێواری قەبرە، جا پێش ئەوەی بمرێ ئەگەر دەتانەوێ لەو خێرە گەورە بێ بەش نەبن، بڕۆنە سەردانی و گەردنی ئازادکەن. دڵنیام بەم قسانە بەردت بۆ نەرم دەکەم و کارێك دەکەم پۆل پۆل بێنە سەردانیت، لێرەدا ئەوەی پێویستە بیکەین، دەبێ دەرگایەکی دیکە لە پشتەوە هەڵچنین، دەرگایەك بۆهاتنە ژوور و ئەویتر بۆ چوونە دەرەوە.




شێرەکە بەسەر سوڕمانەوە پرسی: ئەك ئافەرین، ئەو خەڵکە لە خۆڕا پێت ناڵێن ڕێوی تەڵەکەباز، باشە پرسیارێ: هەمووومان دەزانین دەرگای پێشەوە بۆ هاتوچۆیە ، ئەی ئەو دەرگایەی پشتەوەن بۆ چییە؟!...ڕێویەکە نەختێ خۆی هێناو برد، وتی: فێڵەکەی من بۆ ئەو دەرگایە ئەوەیە وەك پاسەوانێکی دڵسۆز بۆ جەنابتان، لەبەردەمماڵتان دەوەستم، هەر ئەوەی ناردمە ژوورەوە پێش وەختە پێی دەڵێم لەو دەرگایە بچێتە ژوورەوە و لە دەرگاکەی پشتەوە دەرچێ، ئیدی هەر نێچیرێکم ناردە لات، بەبێ یەك و دوو پەلاماری بدە و نۆشیکە و



نۆشی گیانتبێ، بەلاّم وەك دەڵێن: قسە لەو سەرییەوە خۆشە، هااااا، لەو نێچیرانەی بۆتی دەنێرم، بێ بەشم نەکەی .

شێرەکە سەری ڕەزامەندی بۆ لەقاند و وتی: من لەخۆڕا بانگی تۆم نەکردووە، دەزانم چۆن تەگبیرم بۆ دەکەی؟ دەی ناوی خوای لێ بێنە و دەست بەکاربە.. هیچ خەمت گۆشتت نەبێ، لە گۆشتە تەڕو چەور و ناسکەکان بێ بەشت ناکەم.

ڕێویەکە قوڵی لێ هەڵکرد، دەرگایەکی دیکەی کردەوە.. ئەوجا بەناو دارستان گەرا و سوورا، ئاژەلاّنی ئەو دەوروبەرەی



ئاگادار كردەوە گوایە شێر پادشا گەلیٚ نەخۆشە و كەس چاوەڕوانی چاكبوونەوەی لیٚ ناكات، فەرموو ئەگەر حەزتان لە خێرە، بڕۆنە سەردانی و ئەو خێرە لە كیس خۆتان مەدەن.

بەو قسانە، هەر دەم و دەست كۆمەڵیٚ ئاژەڵ لەبەردەمماڵی شێر پادشا كۆبوونەوە، ڕێویەكە لەبەردەمیان وەستا، پێی وتن: بۆ ئەوەی نەخۆش هەست بەشەكەت و بێزاری نەكات، حەز دەكەم یەك یەك بچنە سەردانی، جا ئەو كەسەی چووە لای، لەكاتی هەستانیدا، من دەرگایەكم لە پشتەوە كردۆتەوە بۆ ئەوەی



قەرەباڵغی دروست نەبێت، با لەو دەرگایە بچێتە دەرەوە.

سەرەتا کەڵەشێری نارده ژوورەوە، شێرەکە بەئاسانی پەلاماری کەڵەشێری داو کردیە پاروویەکی چەوری خۆی.

کە ڕێویەکە چووە ژوورەوە، بە پێوە قنچکە گۆشتێکی کەڵەشێرەکەی خوارد و چووە دەرەوە، وتی: بەڕێزان زۆر نییە مام کەڵەشێر لە دەرگاکەی دواوە دەرچووە، با ئێستا یەکێکی تر بچێتە ژوورەوە..کێ دەچێ؟ کێ دەڕوا؟ فەرموو مراوی گیان تۆ کەرمکە.

مراویەکە چووە ژوورەوە، شێرەکە پەلاماری ئەویشی داو خواردی.




کەروێشکێکی زیرەك لەو شوێنە دەژیا، کەروێشکێکی بە وردە بوو، کاتێ بەو دەرە سووڕایەوە، چاوی بە دەرگای پشتەوەی ماڵی شێر پادشا کەوت و سەیری کرد دەرگاکە لە ناوەوە داخراوە، وتی: ئەو ماستە موویەکی تێدایە .. بە پەلە بەرەو ماڵی کەس و کاری کەڵەشێر و مراوی ڕۆیشت و پرسیاریانی کرد: ئەرێ کەڵەشێر، ئەرێ مراوی لە کوێیە؟!

وتیان: نە کەڵەشێر دیارە و نە مراوی لەماڵەوەیە، پێش ئەوەی بڕۆن، وتیان: شێر پادشا نەخۆشە دەچینە سەردانی، جا پێکەوە ڕۆیشتن، بەڵام تا ئێستا هیچیان نەهاتۆتەوە.

لێرەدا پیلانەکەی ڕێویەکە ئاشکرا بوو، هەموو ئەوانەی لەو شوێنە وەستابوون تاوەکو نۆرەیانبێ و بچنە ژوورەوە، کەروێشکەکە بەڕاکردن خۆی گەیاندە لایان و لە فیڵ و فەرەجەی ڕێوی ئاگادار کردنەوە، ئەوانیش بەخێرایی ڕایانکرد و ئەو شوێنەیان بەجێ هێشت.



# سیٚ کچەکە




**هەبوو نەبوو:** سیٚ کچی ژیکەڵەی ناسك و جوان هەبوو ( شادە و زەیتون و ڕووداو ) لەخانوویەکدا بەیەکەوە دەژیان.. ڕۆژێکیان ماڵە دراوسیٚکەیان لەگەڵ دەستی خۆیدا هەندیٚ گەنمی بۆ بردن و ئەوانیش سوپاسیان کرد.. شادە ڕووی کردە خوشکەکانی، وتی: کیٚ لە ئیٚوە تاقەتی هەیە با ئەو گەنمە بنیٚتە سەرشانی و بۆ ئاشی ببات؟!



زەیتون وتی: ئەو بارە قورسە بە من هەڵناگیرێ، لە ئێستاوە هەڵێناگرم، تکا دەکەم وازم لێبێنن، ئەو ئیشانە بە من مەکەن.

ڕووداو وتی: بەخوا بەتەمای منیش مەبن، من کەی توانای هەڵگرتنی ئەو بارە قورس و گرانەم هەیە؟ من هەڵێناگرم.

شادە سەری لەقاند و وتی: بۆچی ئەوەندە خۆتان خۆش دەوێ و دەست لە یەك ئیش نادەن، ئەی نازانن مرۆڤ بە ئیشەوە جوانە؟!



بەناچاری دەستی گەیاندە بارە گەنمەکەو نایە سەر شانی و بردیە یەك لە ئاشەکانی گەڕەك و لێیکرد.. دووبارە ڕووی کردە خوشکەکانی و بەدەم زەردەخەنەیەکەوە پێی وتن: ئەوە گەنمەکەم بۆ کردنە ئارد، دەی ئێستا بزانم کامەتان لەخۆی ڕادەبینێ با ئەو ئاردە هەڵگرێ؟!

زەیتون وتی: سەیری من مەکە خوشکم،ئەوە کاری من نییە.

ڕووداو وتی: ئەگەر زەیتون هەڵینەگرێ، ئیدی بەتەمای من مەبە، منیش هەڵیناگرم




شادە بەتووڕەییەوە ئاردەکەی نایە کۆڵ و کاتێ گەڕایەوە ماڵ..
پشوویەکی کورتی دا، ئەوجا سەیری هەر دووکیانی کردو وتی:
پێش ئێستا هیچتان ئامادە نەبوون گەنمەکە هەڵبگرێ و ببیاتە
ئاش، من ئەوەم کرد و گەنمەکەم بردە ئاش و لێمکردو کردمە ئارد،
کە داوام لێکردن یەکێکتان ئەو بارە ئاردە هەڵگرێ، دیسان هیچتان
ئەو بارە ئاردەی هەڵنەگرت، دەی خۆ ئەمە کارێکی هێندە گران
نییە با یەکێکتان قۆڵی خۆی لێ هەڵماڵێ و هەندێك هەویرمان



بۆ بشێلیێ، من حەزم  لە کێکە، دەمەوێ کێکتان بۆ دروست  بکەم!
زەیتون وتی: هەویر شێلان!! وااااای کە ئیشێکی چەند قورسە، ببوورە ئەوەندە بێ تاقەتم، توانای هەویر شێلانم نییە.
ڕووداو وتی: لە ژیانم  ئەو ئیشەم نەکردووە، من هەویر ناشێلم.
هەر ئەوەی شادە داوای بکردایە، هیچ کام لەو دوو خوشکە ئامادە نەبوون بەگوێی بکەن.. دیسان بەناچاری خۆی کارەکانی ڕا پەڕاند..چوو هەندێ ئاردی لە گونیەکە دەرکرد، لە  تەشتێکی



بچووك هەویرەكەی شێلاو یەك دوو هێلكەی تێ كرد، ئەوجا كردیە چەند جێیەك و لە سینیەكدا كردیە فڕنی تەباخەكە تا هەویرەكە بووە كێكی بەتام و تەباكەخەی كوژاندەوە. كە كێكەكەی لە فڕنیەكە دەركرد بۆ ئەوەی نەختێك سارد بێتەوە..هەر خۆی سفرەی ڕاخست و كێكەكەی هێنا لەسەر سفرەكەی دانا، بەڕوویەكی خۆشەوە بە خوشكەكانی وت: دەی ئێستا بزانم كێ لەئێوە حەز دەكا لەو كێكە بەتام و بەلەزەتە بخوات؟!



زەیتون بە ڕوویەکی گەشەوە وتی: من زۆرم پێ خۆشە و حەز دەکەم لەو کێکە بخۆم.

ڕووداو وتی: هەروەها منیش حەزدەکەم لەو کێکە بخۆم.

شادە وتی: ئەوەی کار نەکات، ناخوات..ئێوەی تەمبەڵ و تەوەزەڵ شایەنی ئەوە نین لەو کێکە بخۆن...بەهێواشی دەستی گەیاندە سینیەکە و دەستی بەخواردنی کێکەکە کرد و ئەوانیش ئەوەی بۆیان مایەوە تەنها سەیری شادەیان دەکرد و ئاو بەدەمیان دەهاتە خوارەوە، بەڵام زۆر لە کارەکەیان پەشیمان بوونەوە، ئەویش وتی: کەواتە من وەك ئێوە خراپ نابم، بەکردەوەی ئێوە ناجووڵێمەوە، ئەوە با د واجاربێ و جارێکی تر کاری وا دووبارە نەکەنەوە، دەی وەرنە پێش.........لە کێکە بێ بەشی نەکردن.

# کەروێشکێکی بچووک





**هەبوو نەبوو:** دایکە کەروێشکێك هەبوو، شەش بەچکەی جوان و قشتیلۆکەی هەبوو، بەچکەکان حەزیان بە دەستگەمە و یاری دەکرد، کەچی ئەو بەچکەی لەهەموویان بچووکتر بوو بە پێچەوانەی ئەوانی دی، ئارەزوویەکی سەیری هەبوو حەزی دەکرد هەر شتێکی بەرچاو بکەوێ، دەست بە ژماردنی بکات و بیژمێرێ.

ڕۆژێکیان هەزار پێیەك هێدی هێدی لەبەردەم کولانەکەی تێدەپەڕی، دیمەنی هەزار پێیەکە سەرنجی ڕاکێشا، دڵخۆش بوو



دەستی کرد بەژماردنی   قاچی هەزار پێیەکە: ئەوە یەك قاچ..
ئەوە دوو قاچ.. ئەوە سێ قاچ....
ژمارە  چواری تەواو نەکرد، هەزار پێیەکە لە پێش چاوی ون بوو.
بەچکە کەروێشکەکە بەو ون بوونەی هەزار پێیەکە خەمبار بوو،
پێی هەڵێنا ڕۆیشت، ڕۆیشت تا گەیشتە کۆلیتی مریشکێك و  لە
کۆلیتەکە نزیك  بۆوە، سەری شۆڕ کردەوە، سەیری ناوەوەی کرد،
هێلکەیەکی زۆری  بینی،  بە خۆشحاڵیەوە  دەستی  بەژماردنی



هێلکەکان کرد: ئەوە یەك هێلکە.. ئەوە دوو هێلکە.. ئەوە سێ هێلکە..ئەوە چوار هێلکە..

هێلکەکانی بەتەواوی نەژمارد ، دایکە مریشك پەیدا بوو، بەخێرایی چووەوە ناو کۆلیتەکە و لەسەر هێلکەکان ڕۆ نیشت .

بەچکە کەروێشکەکە کە ئەوەی بینی هێندەی دیکە دڵتەنگ بوو، دووبارە پێی هەڵێنا و کەوتە ڕێ، ڕۆیشت هەر ڕۆیشت لەناکاو گۆڵمە گە نمێکی بەرچاو کەوت ئەوە لەسەر زەویەکە روو کراوە،



لەجێوە وەستا، بەدڵخۆشیەوە کەوتە ژماردنی دەنکە گەنمەکان: ئەوە یەك دەنکە گەنم..ئەوە دوو دەنکە گەنم..ئەوە سێ دەنکە گەنم... لە ژماردنی دەنکە گەنمەکان نەبۆوە، چەند باڵندەیەك لەئاسمانەوە خۆیان گەیاندێ و هەموو گەنمەکەیان خوارد. ئەوەش هێندەی دیکە تووڕەی کرد، لە خەفەتان دەستی بەگریان کرد و ڕێ و ڕێ گەڕایەوە ماڵ، لە ژوورەوە لە سەرپشت لێی ڕاکشا.

ئێوارە داهات، دایکی هاتەوە و لە باوەشی گرت، بەمەش هەستی



ئارامیەکی زۆر کرد، کاتێك لە  کونە بۆشاییەکی ناو کۆلیتەکەوە ئەستێرەکانی ئاسمانی بەرچاو کەوت، دەستی بە ژماردنیان کرد:
ئەوە یەك ئەستێرە.. ئەوە دوو ئەستێرە.. ئەوە سێ ئەستێرە..ئەوە چوار ئەستێرە، ئەوە...

چونکە زۆر خەوی دەهات، توانای ژماردنی ئەستێرەکانی تری نەما، پێڵووی چاوەکانی گران داهات، لە باوەشی دایکی خەوی لێ کەوت..

# ورچێکی گێل و دەبەنگ



**هەبوو نەبوو:** ڕاوچییەك هەبوو.. ڕۆژێکیان بەخۆ و تفەنگەوە ، بەرەو دارستانێکی چڕ و جەنگەڵ شۆڕ بۆوە، لێرە بۆ ئەوێ ڕۆیشت بە ئومێدی ئەوەی نێچیرێك ڕاو بکات و بگەڕێتەوە، پڕتاو بەچکە ورچێکی تووش بوو، بەهێواشی لێی نزیك بۆوە، ورچەکەی گرت و هەڵیگرت، بردییەوە ماڵ تاوەکو گەورەی



بکات و پاشان بە پارەیەکی باش بیفرۆشێتەوە.

ورچەکە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ گەشەی دەکرد، گەورە بوو.. تەنانەت بەجۆرێ هۆگری خاوەنەکەی ببوو، زۆری خۆش دەویست، حەزی نەدەکرد هیچ شتێك زیانی پێ بگەیەنێت.



ڕۆژێکیان بەرامبەر خاوەنەکەی وەستا بوو، بینی ئەوە مێشوولەیەك گز گز لەو ئاسمانە دێ و دەچێ و لەسەر تەوێلی ناوچەوانی خاوەنەکەی دەنیشتەوە و ئەویش بەدەستەکانی چەندە لەخۆی دوور دەخستەوە، بەڵام مێشوولەکە وازی لێ نەدەهێنا،



هەڵدەفڕی و جارێکی تر دەهاتەوە لەسەر دەم و چاوی دەنیشتەوە. پیاوەکە هەستی بەتەنگەتاوی و بێزارییەکی زۆر کرد ، هەستا بچێ پشوویەك بدات، چوو لەسەر جێیەکەی ڕاکشا و لێی نووست. کەچی مێشەکە هەر بەرۆکی کابرای بەرنەداو لەکاتی





خەوتنیشدا دەهات و لەسەر دەم و چاوی دەنیشتەوە.. ورچەکە کە ئەوە دیمەنەی بینی ، لە دڵەوە بەخۆی وت: هیچ ماقووڵ نییە شتێکی ئەوەندە بچکۆڵە کەسێکی ئەوها گەورەو بەڕێز هەراسان بکات و ئازاری بدات؟!



چوو لەناو حەوشەی ماڵەکەیان گەڕا، لەگەڵ دەستی خۆیدا گاشە بەردێکی زل و گەورەی دۆزییەوە، بەردەکەی هێنا، کاتێك مێشەکە لەسەر ناوچەوانی پیاوەکە نیشتەوە،

بەردەکەی تێگرت ، بەڵام مێشەکە هەر زوو فڕی و خاوەنەکەیشی بەهۆی گەمژە و گێلی ورچەکەوە مرد.


# سێ ماسییەکە



هەبوو هەبوو: لە ڕووبارێکی بەردەڵانی تەنکدا کە ئاوەکەی زۆر کەم بوو، سێ ماسی بەیەکەوە دەژیان، ماسی یەکەم: زیرەك و لێهاتوو بوو.. ماسی دووەم: هەمیشە دوو دڵ بەلام گورج و گۆڵ بوو، ماسی سێیەم: تەمبەڵ و گێلۆکە بوو.



له بەره بەیانی ڕۆژێکی تازه و نوێدا، ماسیه زیرەکەکە بۆ هەوا گۆڕین، خۆی گەیانده سەر ڕووی ئاوەکە و کەوتە سەیرکردنی ئەملا و ئەولای خۆی، لەناکاو گوێی له دوو کابرای ماسیگر بوو، قسەیان بۆ یەك دەکرد، دەیانوت: تاوەکو زووه با تۆڕەکە بهاوین، ئەمرۆ هەرچی ماسییەك لەم ڕووبارەیه، هەموویان ڕاو



دەکەین..

ماسیە زیرەکەکە بەپەلە خۆی نقومی ژێر ئاوەکە کردو زۆر بەخێرایی ئەو هەواڵەی بە ماسیەکانی ڕاگەیاند: هاوڕێییان ئەگەر زوو بەخۆ نەکەوین، ئەو ڕاوچیانە لەگەڵ دەستی خۆیان تۆڕیان هێناوەو هاتوونەتە ئێرە و بە ئاسانی ڕاومان دەکەن،.




ئەوانیش بە پەرۆشەوە لێیان پرسی: ئەی چارە چییە؟ چیبکەین ؟!
ئەویش وەڵامی دانەوە، وتی: پێم باشە لەو تولە ڕێیە کە وەك دەروازە وایە، لەوێوە بچینە دەریا گەورەکە بەمەیش گیانمان سەلامەت دەبێ و ئەو ماسیگرانە ناتوانن بمانگرن.

ماسی دووەم هەر یەکسەر ئەو پێشنیارەی ڕەتکردەوە، وتی: شتی



وا نابێ، ناکرێ، ، نابێ جێی بابو باپیرا نمان بەئاسانی بەجێ بێڵین...ماسی سێیەم وتی: من وەك خۆم توانای گەڕان و سووڕانم نیە، لێرە دەمێنمەوە، بەهیچ لایەك ناجووڵێم.

ماسیە زیرەکەکە وتی: کەواتە چارم نیە دەبێ بەتەنیا ئەو ڕێیە ببڕم و لەم ڕووبارەوە بپەڕمەوە، بچمە دەریا گەورەکە.



ئەو دوو ماسیەی مانەوە.. کاتێ گوێیان لەدەنگی ماسیگرەکانیان بوو، ماسی دووەم وتی: خۆزگە گوێڕایەڵی خوشکەکەم دەبووم و لەگەڵی دەڕۆیشتم.


بەدەم مەلەوانیەوە بەرەو دەروازەی ڕووبارەکە ڕۆیی بەڵام تەماشای کرد ماسیگرەکان دەروازەی ئاوەکەیان بە تۆڕ گرتووە، خۆی خستە سەرئاوەکە و وا خۆی نیشاندا گوایە مردووە..یەك لە




ماسیگرەکان لێی نزیك بۆوە بەدەستەکانی بیگرێ، ماسیەکە بازێکی بەسەر تۆڕەکە هەڵدا و خۆی گەیاندە دەریا مەزنەکە و خۆی ڕزگار کرد.

هەرچی ماسی سێیەم بوو بە تۆڕەکەوە بوو، نەیتوانی ڕابکات، چونگە گوێی بە ئامۆژگاریەکانی خوشکە دڵسۆز و زیرەکەکەی نەگرت.. نە یەشیمانی و نەتەمبەڵی بەکەڵکی نەهات .


# بزنێکی زیرەك



هەبوو نەبوو: گورگێکی برسی هەبوو، ڕۆژێکیان بەدوای نێچیرێك دەگەڕا بیگرێ و سکی برسی پێ تێر بکات، لە دوورەوە بزنێکی بینی ئەوە لە مێگەلی بزن و شوانەکەی دابڕاوە.. خۆی گەیاندە لای، بزنەکە بەپەلە بیری کردەوە، بڕیاریدا لەشوێنی خۆی نەجوولێ، چونکە دەیزانی ئەگەر



ڕا بکات ئەوە گورەکە لەو خێراترە و دەتوانێ زۆر بەئاسانی دەستگیری بکات..کاتێك ڕێویەکە لێی چووە پێش، بزنەکە یەکسەر پێیوت: ئەی گورگ دۆست، حەزدەکەم گوێم لێ بگری، ئەو شوانەی وا لەو بەری گردەکە وەستاوە، ئەو شوانە منی بەتایبەت بۆ لای تۆ ناردووە بۆ ئەوەی سوپاست بکەم.



گورگەکە بەسەرسوڕمانەوە لێی پرسی: بۆچی سوپاسم دەکات؟!من چی باشم نەکردووە.

بزنەکە وتی: چونکە تۆ وازت لە داب و نەریتی باب و باپیرانت هێناوە و بەخراپە ڕووبەڕووی مەڕومالاَت نابیەوە، هەربۆیە منی بۆ لای تۆ ناردووە بۆ ئەوەی وەکو پاداشتێك من





بەتۆ بدات و تۆش بمخۆی..گورگەکە سوپاسی هەڵوێستی شوانەکەی کرد و بزنەکە وتی: فەرموو ئەوە من ئامادەم بۆ ئەوەی پەلامارم بدەیت و بمکەیتە پاروویەك چەور کە لەگەڵ ئەوەشدا ڕەنگە نەزانی چ دەنگێکی خۆشم هەیە، جاپێش ئەوەی بمخۆی ئەگەر حەز دەکەی گۆرانیەکت بۆ دەڵێم ،ئەوەش زیاتر ئارەزووی




خواردنت زیاتر دەکاتەوە..گورگەکە چاو ئەبڵەق بوو، وتی: گۆرانی و خواردن!! بەڕاستی شتێکی باشە، دەی خێرا گۆرانیەکم بۆ بچڕە و ئارەزووەکانم زیاتر بکەوە.

بزنەکە بەدەنگێکی بەرز گۆڕانی دەچڕی و گورگەکە لەجێوە گوێی بۆ شل کردبوو، زۆر بەدەنگەکەی سەرسام بوو.. شوانەکە لەو کاتەدا کە بەدوای



بزنەکە دەگەڕا، گوێی لەدەنگی بزنەکە بوو، بەپەلە پرووزێ بەرەو ڕووی دەنگەکە هەنگاوینا، کە بزنەکەی بینی ئەوە بەرامبەر گورگەکە وەستاوە، بەهێواشی لای پشتەوەی لێ گرت و دوو سێ داری باشی لێدا و گورگەکە هەستی بە ئازارێکی زۆر کرد، بەهەلەداوان خۆی لەبن دەستی ڕا پسکاند و هەڵهات.



بزنەکە بەهۆی زیرەکی و فێڵە باشەکەی خۆیەوە قورتاری بوو، لەوەوە وانەیەك فێر بوو کە جارێکی تر لە شوان و لە مێگەلەکەی دوور نەکەوێتەوە.

# دارتاش و مەیموونەکە



**هەبوو نەبوو:** کابرایەکی دارتاش هەبوو، لە دارستانێکی پڕ دارو دەوەن، لەو شوێنەدا پارچە زەویەکی خۆش کرد و دوکانێکی لەسەر دروست کرد و کردیە شوێنی کارکردنی خۆی.. ڕۆژانە هەر لەو دارستانە داری دەهێنا، بە مشار پارچە پارچەی دەکرد و دەرگا و مێزو کورسی لێ دروست دەکرد.



مەیمونێك هەبوو لەو شوێنە دەژیا، لەدوورەوە بەدرێژایی ڕۆژ چاودێری هەڵسوکەوتی دارتاشەکەی دەکرد، پێی سەیر بوو چۆن ئەو مشارە بەدەستەوە دەگرێ و کاری پێ دەکات، بۆیە لە ناخەوە ئاواتی ئەوەی دەخواست دەرفەتێکی بۆ بڕەخسێ دەست بەو مشارە بگەیەنێ و وەکو ئەو دارتاشە یاریی پێ بکات.




ڕۆژێکیان دارتاشەکە بە ئیشێکی تایبەت ئەو شوێنەی بەجێ هێشت و لەبیری کرد دەرگای سەرەکی دوکانەکە دا بخات..مەیمونەکە بەدڵخۆشیەوە ئەوەی بەدەرفەت زانی و خۆی گەیاندە ناو دوکانەکە و یەکسەر چووە سەر مێزەکەو مشارەکەی بەدەستەوە گرت، ئەوجا کەوتە بڕینەوەی داری سەر مێزەکە و بەشێکی لێ بڕییەوە، زۆر بەو





کارەی شادمان بوو. بەردەوام بوو لەسەربڕینەوەی دارەکەو بەشێکی دیکەی لێ بڕییەوە، بەڵام هەستی بەوە نەکرد ئەوە کلکی کەوتووەتە نێوانی دارە شەق بووەکە و وردە وردە بەمشارەکە دەیبڕییەوە، تا هەستی بە ئازارێکی زۆر کرد و هاواری لێ هەستاو لەتاو ئێش و ژانی کلکی، بەدرێژایی ئەو ڕۆژە هات و هاوار و قیژەی رۆژە ربێیەك دەرۆیی.. کاتێك دارتاشەکە




گەڕایەوە کە مەیمونەکەی بەو شێوەیە بینی ، بەفریای کەوت و برینەکەی بۆ تیمار کرد۔ مەیمونەکە سوپاسیکرد و لەو کارەی ئەنجامیدا، وانەیەکی تازەی لێ فێر بوو کە لەمەودوا بەبێ بیرکردنەوە لاسایی هیچ کەسێك نەکاتەوە و لەگەڵ هیچ کارێك نەکات کە لەگەڵ سروشتی ئەودا نەگونجێت.


# مارو بۆق



**هەبوو نەبوو:** مارێك هەبوو لە نزیك ڕووبارێکی  پڕ لە بۆق کونێکی لێدابوو لەناوی دەمایەوە، ڕۆژانە هەر بۆقێکی ببینیایە کە بۆ وازی و یاریکردن بهاتایەتە لێوار و ڕۆخی ڕووبارەکە، یەکسەر پەلاماری دەداو دەیگرت و دەیخوارد.




مارەکە پێنج بۆقی بچووکی خوارد، ئەوەش وایکرد بۆقە بچووکەکانی تر نەوێرن لە ئاوەکە بێنە دەرەوە و بۆ سکالای خۆیان چوونە لای بۆقی گەورە و گلەیی ئەوەیان لای کرد کە لەترسی ئەو مارە، شەو و ڕۆژ کاتی خۆیان لە ناو ڕووبارەکە



بەسەر دەبەن .

بۆقەکە بیری لە فرۆفیڵێکی ئەوتۆ کردەوە چۆن تۆڵەی ئەوبەچکانە بکاتەوە .. بەرەو کەناری ڕووبارەکە ڕۆیشت، کە مارەکەی بینی، لە دوورەوە سڵاوی لێ کرد و داوای لێکرد وەکو



هاوڕێیەکی خۆی قەبوڵی بکات.. مارەکە بەو هاوڕێیەتیە ڕازی بوو.. بۆقەکە پێیوت: ئەگەر حەز دەکەی با بەیەکەوە کاتێکی خۆش لەناو ئەو ڕووبارە بەسەر ببەین؟!

مارەکە وتی: ئاخر من مەلەوانی نازانم؟!

بۆقەکە وتی: ئەوە ئاسانە، فەرموو وەرە لەسەر پشتی خۆم



هەڵت دەگرم تا جوانی ئەوڕووبارە ببینیت و پاشان کەی حەزت کرد دەتگەڕێنمەوە...مارەکە چووە سەر پشتی بۆقەکە و بۆقەکە لەسەر ئاوەکە دەستی بە مەلەوانی کرد، کاتێك گەیشتنە ناوەڕاستی ڕووبارەکە، مارەکە داوای لێ کرد بیگەڕێنێتەوە .


بۆقەکە وتی: تۆ ئاگات لەخۆت نییە چ تاوانێکی گەورەت



ئە نجام داوە، دەبیّ سزای بدریّی.


بۆقەکە خۆی نقومی ئاوەکە کرد و مارەکە  چونکە مەلەوانی نەدەزانی، کەوتە ژێر ئاوەکە و خنکا ئەوەش سزایەك بوو بۆ ئەو دەستدرێژیەی کردیە سەر پیێنج بۆقە بچووکەکە و ئەو بۆقانەی مانەوە بە خۆشی و شادی ژیان.

# فیلی ئاسکێك




**هەبوو نەبوو:** ڕەوە مامزێك هەبوو، ڕۆژێکیان بەکۆمەڵ ڕۆیشتن، ناوچەیەکی سەوزاییان دۆزییەوە کە بیرێکی گەورەی لێ بوو.. لایاندا و بۆ ماوەیەکی باش کەوتنە هەڵبەز و دابەز و یارییان دەکرد، زۆر دڵخۆش بوون.

پڵینگێك هەبوو لەو دەوروبەرە لانەیەکی بۆ خۆی چێ کردبوو، ڕۆژانە دەگەڕا، دەسوڕا، مامزەکان ئەوەندەی چاویان بەو پڵینگە بکەوتایە، چونکە زۆر لێی دەترسان، بەخێرایی لەو شوێنە ڕایان دەکرد و خۆیان لێی



دەشاردەوە..خۆ ئەگەر بیانزانیایە پڵینگەکە لەو شوێنە نییە، دووبارە دەهاتنەوە لای بیرەکە و ئاویان لێی دەخواردەوە و یارییان لێی دەکرد.. پڵینگەکە بیری کردەوە فێڵیان لێ بکات کە وردە وردە بەبێ ماندووبوون مامزەکان بخوات.. ڕۆژێکیان لە دوورەوە وتی: من دەزانم ئێوە بۆ لێم دەترسێن، فەرموو وەرن با بەیەکەوە ڕێك بکەوین من دەتانپارێزم کە کەس نەتوانێ لێتان نزیك ببێتەوە، بۆ ئەوە یەك مەرجم هەیە دەمەوێ هەر دوو ڕۆژ جارێك بەچکە مامزێکم بدەنێ بیخۆم.. هاااااا، دەڵێن چی.؟

دایکە مامزەکە وتی: ئەگەر دەرفەتی بیرکردنەوەمان پێ بدەی



دوای کەمێکی تر وەڵامت دەدەینەوە.. مامزەکان کۆبوونەوە، کەوتنە بیروڕا گۆڕینەوە چیبکەن و چۆن بەو مەرجە ڕازیبن.

هەر یەکە قسەیەکی دەکرد..مامزێکی بچووك کە لە هەموویان بچوکتر بوو، وتی: زیرەکی بەگەورەیی و بچووکی نییە، وەرن ئەوە بۆ من لێگەڕێن، ئێستا وەڵامی بدەنەوە بڵێن: سبەی پێش ئەوەی خۆر هەڵبێ ئەو مامزە بچوکەت بۆ دەنێرین.

کە مامزەکان ڕەزامەندیان خۆیان بۆی دەربڕی، پڵینگەکە وتی: ئەو ئەشکەوتەی دامێنی ئەو چیایە شوێنی حەوانەوەمە، سبەی زوو دەوەستم ئەو مامزەم بۆ بێنن، هاااااا، دەمەوێ دوا نەکەون



پێش ئەوەی ڕۆژ هەڵبێ بەدەستم بگات...دایکە مامزەکە وتی: باشە باش، بەڵام نابێ تۆش لە بەڵێنی خۆت پەشیمان ببیەوە.


پڵینگەکە وتی: ئەوەی بمناسێ دەزانێ سروشتی من ئەوەیە لە ژیانمدا قسەیەك ناکەم لێی پەشیمان ببمەوە.

ئەو قسانەی وت و ڕووی خۆی وەرگێڕا، بەرەو لانەکەی شۆڕ بۆوە..بۆ بەیانی ڕۆژی پاشتر، هەر لە زووەوە کەوتە چاوگێڕان بەملا و بەولای خۆی کە مامزە بچکۆڵەکەی بۆ بێ و پەلاماری بدات و چێژ لە گۆشتە ناسکەکەی وەربگرێ... خۆر هێدی هێدی



بەرەو چەقی ئاسمان بەرز دەبۆوە، ئاسکە بچووکەکە هەر نەهات.. پڵینگەکە زۆر شڵەژاو بە تووڕەییەوە وتی: تۆ بڵێی ئەم ڕەوە ئاسکە گاڵتە بەئەقڵم بکەن؟ وەی دەردتان لەگیانم، چارەتان دەکەم، دەبێ دەرسێکتان پێ بدەم بەژیانتان لەبیری نەکەن.

هات بڕواو بەدوای ڕەوە مامزەکان بگەڕێ بۆ ئەوەی تۆڵەی بێ بەڵێنیان لێ بکاتەوە، کەچی مامزە بچکوکەکە لەناکاو پەیدا بوو، لەدوورەوە وتی: تکا دەکەم پڵینگ گیان بمبوورە زۆر دوا



کەوتم کە ئەگەر تۆش لەجیاتی من بویتایە هەر دوا دەکەوتی.

پڵینگەکە وتی: ئەوە چ قەشمەرجارییەکە بەمنی دەکەن؟!

مامزە بچوکەکە وتی: ببوورە حەددی ئەوەمان نییە گاڵتە بە کەس بکەین.بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە کاتیٚ منیان بۆ تۆ ڕازاندەوە، بەڕێکەوتین بێین بۆ لات، بەڵام پڵینگێکی کەورەمان تووش بوو زۆر لە تۆ دەچوو، دایکە مامز هێندە لەبەری پاڕایەوە: تکایە ڕێمان لیٚ مەگرە پڵینگی ئەم هەرەتە چاوەڕێمانە دەبیٚ ئەو مامزە بچوکەی بۆ ببەین، دەیوت: هەرگیز ڕێتان پیٚ نادەم وا بەئاسانی بەم ڕێیە برۆن، تاوەکو من لێرە



وەستابم باسی پڵینگی دیکەم بۆ مەکەن، دواى ئەوەی یەك لە مامزە هەراشەکانی لێ خواردین،ئەوجا چ جوێنی خراپ هەیە بە تۆیدا و زۆریش پێم ناخۆش بوو، بەلاّم کە دەسەلاّتت نەبوو چی دەکەی؟!.

پڵینگەکە بەو قسانە بەر چاوی تاریك داهات، بە ڕقەوە وتی: کوا ئەو بێ نرخە؟ کوا لەکوێیە؟ وەرە بکەوە دوام، ئێستا

نیشانی دەدەم من کێم؟.

مامزەکە وتی: وا لەلای بیرەکەیە... بەیەکەوە ڕۆیشتن و لە نزیك بیرەکە وەستان.. مامزە بچووکەکە وتی: فەرموو قوربان سەیرکە ئەوە لەناو ئەو ئاوەیە و پێشی لە دایکە مامز گرتووە دەیەوێ پەلاماری ئەویش بدات و بیخوات...پڵینگەکە بەبێ بیرکردنەوە سەیری ئاوەکەی کرد نەیزانی ئەوە وێنەی خۆی و مامزە بچووکەکەیە، بە تووڕەییەوە خۆی هاویشتە ناو ئاوەکە، بەلاّم نە پڵینگ و نە دایکە مامزی لێ نەبوو.. بیرەکە چونکە زۆر قوڵ بوو، نەیتوانی لە بیرەکە دەرچێ و سەرەنجام لە بیرەکە خنکا.









**له بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردن(١١٣)ی ساڵی (٢٠١٧)ی پێدراوە**